www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-11-2006 12:31

# چاودێرێک یان چاوزارێکی سیاسی.. زورەگڤان رووکوچکی

ئەمە وەڵامی ئەم نووسینەیە کە بەناونیشانی"دوای کاك مەسعود سەرۆکایەتی بۆ نێچیرڤانە یان مەسرورە ?" کە لەلایەن چاودێرێك لە رۆژنامەی هاوڵاتی نووسراوە. ئەم پرسیارە نە لەکاتی خۆیەتی نە پێویستە بگوترێ ونە لە بەرژەوەندی کوردیشە، بە پێچەوانەشەوە وروژاندنی سەدان گومان دەخاتە سەر مەبەستی نووسەرەکەی، بەتایبەتی لەم کات و ساتەی عێراقدا. جارێ هەر لە پێشەکیدا کاك مەسعود بارزانی تەنیا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی نییە تا بەم جۆرە پرسیاری لەسەر بکرێ، پاشان خوا تەمەنی درێژ بکات هێشتا گەنجەو نەخۆشیش نییە ئەم برادەرەش هەر لە نووسینەکانی رادیارە هێندەیانی خۆش ناوێ مەبەستی عومەر بێت بەڵکو مەبەستی عەلیە، پاشان هیچ گیروگرفتێك لەنێو ئەم بنەماڵە رێکوپێکو پڕ ئەزموون و خانەدانەدا نییە- کە هەرگیز نەبووەو روو نادات، چونکە پەروەردەی زاتێکن کە بارزانی نەمرە- هەر لە منالییەوە لە قوتابخانەکەی فێرە شۆڕش و کوردایەتی و سەرکردایەتی و رەوشتی بەرزکراون.

زۆر لەوەش گەورەترن کە یەکێ درزیان لە نێواندا دروست بکات بەهۆی نووسینێك یان پیلانێك کە سەرچاوەکەشی دیارە دەگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندی داگیرکەران و دوژمنانی کوردو ئاژاوەو نا ئارامی و رارایی دروستکردن، یان ئەوانەی دەیانەوێ پیرۆزی و رێز لە سەرکردایەتی کورد نەگرن- تا سەرکردەکانی بیانی و داگیرکەران و سەر بەوان بەهێز بکەن پاشانیش سوکانی سەرکردایەتی کورد بدەنە دەستیان و ئەوانیش ئەزموونەکە تێکبدەن و پارچەکانی دیکەی کوردستان بە ئاسانی قووت بدەن یانیش مەسەلەکەو مەبەستی ئەم چاودێرە تەنیا چاوو نەفەسەو بەس چاوی بە یەکبوون و یەکدی گری و خۆشەویستی و هەمائاهەنگی و هاوکاری و پتەوی بنەماڵەی بارزانی هەڵنایإ کە نزیکەی سەدەیەکە رووبەڕووی داگیرکەران دەبنەوە ووەك پۆڵا وەستاون، باشە کورد لەم سەرکردە پتەوو تۆکمەی زێتر چی دەوێ? ئایا ئەم چاودێرە یان چاو نەفەسە حەز دەکا ناکۆکی بێتە نێوانیان و، ئەویش ئیستیغلالی زرووفەکە بکات و بە خەیاڵی خاوی خۆی بێتە سەر حوکم، لەبیری چووە سەرۆکی کوردستان گەنجەو ئەم خەونەش دەبێتە خەونی حوشتر!!یان ئەوەی ئەو دەیەوێ یان بۆ مەبەستێك کە بە لاوازکردن و ناکۆکی دروستکردن لەنێو کوردا کۆتایی دێت رابردووش چاکترین بەڵگەیە، هەمووما‌ن دەیزانین.. تەنیا ئەو چاودێرە نەبێت کە حەزی لێیە ئاژاوە دووبارە ببێتەوە چشی لە بەرژەوەندییەکانی کورد. ئەم سەردەمە پڕ هێمنی و پڕ لە ئاسوودەییەی کە کورد ئێستا تێیدا دەژی لەگەڵ دەسکەوتەکانی کە بە سەرکردایەتی ئەم بنەماڵەیەو مام جەلال و هەڤاڵانی سەقامگیر بووە.

پاشان سەرنجی هەموو خوێنەران رادەکێشم سەرنجی پارتی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دڵسۆزانیان و هەموو کوردێك کە کوردستان و سنوورەکەی خۆش بووێ.. ئایا ئێستاکە لەو سەردەمەو سات و کاتەدا.. کاك مەسعود بارزانی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بە رەزامەندی دوو حیزبی نەتەوەیی و گەورەی کوردستان کە یەکێتی و پارتییە وە بە خۆشەویستی و رەزامەندی دۆستانی کورد لە ناوەوەو دەرەوەی حکومەتی بەغدا کە مام جەلال سەرکردایەتی دەکات شەکاوەیەو وروژاندنی ئەم مەسەلەیە فیتەیەکی گومان لێ کراوو حرام زادەی پێوە دەبینرێ. دووبارەی دەکەمەوە کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە.. بۆ مەسەلەیەکی وا دەوروژێنی وەك ئەوەی لە بیر خەڵکی بباتەوە کە کاك مەسعود سەرۆکی هەرێمە. مەسەلەش تەنیا ئەوەیە کوردیش وەك خوارووی عێراق ئاگری فیتنە بیگرێتەوە- ئایا مەبەستی ئەم چاودێرە چاودێرییە چاو نەفەس لێدانە لەوەی سەرکردایەتی پارتی کۆڵ و پتەوەو هەرێمی کوردستانیش ئارام. ئەم چاودێرە چاوی هەڵنایێ کوردو

سەركردایەتی هەرێمی كوردستان وا ببینێ- ئێمەی كە هەست بە خۆشەویستی و ئاشتی و ئارامی و یەكێتی كورد دەكەین بە هەمان شێوە حەز بە پتەوی و یەكبوون و پتەوی سەركردایەتی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان دەكەین بۆ ئەو هەوڵە بەرچاوەی كە بۆ یەكبوونەوەی ماڵی كوردو پاراستنی بەرژەوەندییەكانی دای.. وە هەمیشە دەمانەوێ شان بەشانی پارتی دیموكراتی كوردستان كە دوو حیزبی نەتەوەیی و سەرەكی و بەهێزو دڵسۆزن.. پاڵپشتی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بن بۆ گەیشتن بە ئامانجمان كە دەوڵەتی كوردییەو لە هەمانكاتدا مەشخەڵێكی دیموكراسییەتە دژ بە تیرۆرو تیرۆركاری و ناوچەیەكیشە لە نێوەڕاستی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ پاراستن و بوونی كورد لە جیهان، كاكی چاودێر كاروانی كورد زۆری ماوە بگاتە ئەنجام، بەڵام پێدەچێ بە لاتانەوە گرنگ نەبێت یان ئێستاو دەسكەوتەكانی كاتیتان بەلاوە گرنگ تر بێت.. یان هەر هەموویان مەبەست نەبن تەنیا وروژاندن نەبێت.. كە هیچ مەترسی لە ئارادا نییەو دەسكردە بۆ مەبەستێك، جگە لە مانەش كاكی چاودێر باسی شاقولی و ئاسۆیی دەكات وەك تازە هەستی پێی بكات، یان ئەزموونی كوردو سیمبولی بارزانی و جوولانەوەی نەتەوایەتی و شۆڕشەكانی بارزان و ئەیلول و بەراورد دەكات لەگەڵ- بنەماڵەی (دۆن كورلیۆنی) ی سەرمایەدار كە هیچ پەیوەندیان بە حیزب و سیاسەت و نیشتیمانپەروەری و خزمەت و كوردەوە نییە، باسی بنەماڵەی (جەواهیر لال نەهرۆ) ناكات چۆن لەبەر گەورەیی و نیشتیمانپەروەری سەرۆكی هیندستان و رزگاركەری لە سەرەتای رزگاربوونی هیندستانەوە- چۆن لەنێو سەدان حیزب و ملیارێك واتا هەزار هەزار ملیۆن هیندی (ئەندێرە غاندی) كچی جەواهیر لال نەهرۆیان بۆ سەرۆكایەتی حكومەتی هیندستان هەڵبژارد، هەر لەبەر جواهیر نەبوو دوای لە ناوچوونی (ئەندێرا غاندی) كوڕی ئەندێرا غاندیان- بۆ سەرۆك كۆماری هەڵبژارد؟؟ - دوای ئەویش كوڕەكەی دیكە؟؟- ئینجا كەسیان لە بنەماڵەكەی نەما خێزانی یەكێ لە كوڕەكانیان هەڵبژارد.. !! بەڵام وتی بنەماڵەكەمان هەموویان لەسەر رێگای خزمەتی هیندستان لە ناوچوون، بۆیە ئەم بنەماڵەیە بە دەستی خۆیان و بە ویستی خۆیان وازیان لە حوكم هێنا سەرەڕای داوای هەموو جەماوەری هیندستان بۆیە بەم چاودێرە بەڕێزە دەڵێم هەر چاودێر بەو وابزانم مرۆڤی قووڵ نەبووەوە لە سیاسەت و مێژووی میللەتاندا بە نووسین خوێنەری ساكار تووشی هەڵەو ناڕاستی دەكات، ئەگینا بۆ دەبێ بۆ تورك باوبێ ئاسایی بێت وێنەی ئەتاتورك هەتا هەتایێ لە هەموو شوێنێك هەڵواسی و شانازی پێوە بكات و بە پیرۆزی بزانی، بۆ لە ئێران خومەینی و لە میسر جەمال عەبدولناسر و لە سعودیە (ئال سعود) و لەكوێت (ئال جابر) و بۆو بۆ، بۆ لە سوریا (ئال سعود) و لەئینگلترا (ئیلیزابیس) رەوابن، كەچی ئیمە سەرۆكێكمان هەیە زۆر لەوانە حەكیمترو ئەمین ترو ماندووترو شۆڕشگێرترە، كەچی چاوتان پێی هەڵنایە، ئاخر ئەو سەرۆكە مەزنە خەریكی قووڵكردنەوەی رۆحی نەتەوەیی بوو، ئێوەش خەریكی شەڕی ناوەخۆ بوون، دەتانوت ماركس گۆڕهەڵتەكێنە تاقمە تەعریفییەكەی نێو حزبی شیوعی لامەركەزی واو واو وا، ئێوە خۆتان بە شیوعی كوردستانی راستەقینە دادەنا، دواییش ئاشبەتاڵت لیكرد، دەتانوت حسك واو وا تا تواندتانەوە، بۆ پاسۆكیش هەر مەپرسە!! سەیرە لە مەغریب تا ئێستاش دەستی مەلیك ماچ دەكەن كە بارزانی نەمر هەمیشە دژی دەست ماچكردن و دژی ئەم هەموو ناعەدالیەتیەبوو.. سەرەڕای هەموو تەوازع و مەحرومیەت و زۆربەی ژیانی لەنێو ئەشكەوت و ئاوارەیی و دەربەدەری بردە سەر. جێگای تەقدیرو ئیحترام ئەبێت، بوَچی و تاكەی نابێت سومبولێكمان هەبێت لەدەورەیا كۆببینەوە، چونكە ناخی مرۆڤ هەست بە ئارامی ناكات بە بێ بوونی سیمبولێكی سەركردەی هەمیشەیی. ئێمە ئینكاری هیچ خەبات و تێكۆشانی سەركردەی دیكەی مێژوویی كورد ناكەین، هەر كەسەو لەشوێن خۆی، بەڵام ئەوا سمبولێكی دروستبووە.. تێكدانی ئەم سمبولە تێكدانی هەموو خەبات و دەستكەوتەكانە، هەڵوەشاندنەوەی ریزەكانی گەلە.. شەڕو ناكۆكی دروستكردنە.

بە وتارێك خەڵكی بەدەستبەرداری بیرەوەری و ئەم هەموو مێژووەی پڕ لە خوێن و فرمێسك و شۆڕشە نابێت دەستبەرداری وەفاداری خۆی نابێت، بەڵام خەڵكانێك ئەمانە هەمووی بخاتە لاوە.. ئەم بەڵگەی بێ رەگی و تێنەگەیشتن دەگەیەنێ لەمێژووی خەباتی گەلی كورد گەلانی دیكەی سەر زەوی.

(جۆرج واشنتۆن) ئێستاش لەئەمەریكا جێگای تەقدیرو گەورەیی و سمبولی ئەمەریكاییەكانە.

هەروەها (غاندی) لەهیندستان و (عومەری موختار) لە لیبیای جەماوەری.. دەپرسم ئایا هەموو رۆشنبیرانی ئەم وڵاتانە (نەزانن) كە كاتێ رێز لە سمبولەكانیان دەگرن لەدەرەوەی نیشتمان كاتی دەتووت كوردم دەیان وت یانی (بارزانی) بارزانی سیمبولەكە نەك هەر بۆ كورد و نێو كوردا بەڵكو لەنێو جیهانیش..

بۆیی دەوروبەر دەیەوێ لەم بداو.. سیمبوول تەنیا بۆ خۆی هەبێ و كورد بێ بنەماو سیمبول و سەركردەی نەتەوەیی بێت، بۆیێ كورد بە روح لە سمبول دەگاو دەبێ ئێمەش بزانین نەتەوەبێ سمبول نابێ. ئارام بە كوردستانیش هێمن و ئارامە بە حەكیمی پتەوی سەركردایەتی.. كە بارزانی رابەرو سرۆكایەتی دەكات، ئێوەش چشششششش!!